# فەرموودەیەک سەبارەت بە ئەو کەسەی هەڵە لە نوێژکردنیدا هەبوو لە گێڕانەوەی ریفاعە -ڕەزای خوای لێبێت

لە ریفاعە کوڕی رافیعی زورەقیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو، دەڵێت: پیاوێک هات وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا دانیشتبوو، (پیاوەکە) لە نزیکیەوە نوێژی کرد، پاشان چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، سەلامی لێیکرد، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نوێژەکەت دووبارە بکەرەوە، چونکە نوێژت نەکرد»، ئەویش گەڕایەوە نوێژی کرد نزیک هاوشێوەی نوێژکردنی پێشووی، پاشان چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پێی فەرموو: «نوێژەکەت دووبارە بکەرەوە، چۆن نوێژت نەکرد»، (پیاوەکە) ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، فێرم بکە چۆن نوێژ بکەم، فەرمووی: «ئەگەر ڕووت لە قیبلە کرد، تەکبیر بکە (بڵێ: الله أكبر)، پاشان سورەتی -الفاتحة- بخوێنە، پاشان ئەوەی دەتەوێت بیخوێنە (لە قورئان) ئەگەر چوویت بۆ ڕکوع بردن، با ناولەپەکانت لەسەر ئەژنۆکانت بێت، ویشتت ڕێک ودرێژ بکەرەوە وبۆ ماوەیەکی باش لە ڕکوعدا بمێنەرەوە، ئەگەر سەرت بەرزکردەوە (لە ڕکوع بردن) پشتت ڕێک بکەرەوە (لە کاتی وەستاندا) هەتاوەکو ئێسکەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر جومگەکانیان، وئەگەر سوجدەت برد؛ ئەوا بۆ ماوەیەک بەشێوەیەکی ڕێک سوجدە ببە (بۆ ماوەیەکی باش بمێنەرەوە)، وئەگەر سەرت بەرزکردەوە (لە سوجدە بردن)، لەسەر ڕانی -قاچی- چەپت دابنیشە، پاشان ئەمانە ئەنجامبدە لە هەموو ڕکوع بردن وسوجدە بردنێکدا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «نوێژی یەکێکتان کامڵ نابێت هەتاوەکو بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ دەگرێت بەو شێوەیەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، دەموچاوی ودەستەکانی هەتاوەکو ئانیشکەکانی دەشوات -ئانیشکەکانیش دەشوات-، وسەری مەسح دەکات -بە دەستی تەڕ ئاوی پێدا دەهێنێت- (گوێیەکانیش دەگرێتەوە) و (پێیەکانی) دەشوات هەتاوەکو قولەپێکانی -قولەپێکانیشی دەشوات-، پاشان تەکبیر دەکات (دەڵێت: الله أكبر) وحەمد وسوپای خوای گەورە دەکات، وپاشان قورئان دەخوێنێت بەو شێوەیەی ڕوخسەتی پێدراوە وبە لایەوە ئاسانە، پاشان تەکبیر دەکات وسوجدە دەبات وڕووی -یان فەرمووی: نێوچەوانی لەسەر زەوی جێگیر دەکات- هەتاوەکو جومگەکانی جێگیر دەبن وهێور دەبن -لە شوێنی خۆیان-، پاشان تەکبیر دەکات بە ڕێکی دادەنیشێت لەسەر سمتی ویشتی ڕێکدەکاتەوە»، بەم شێوەیە نوێژکردنی وەسفکرد بە ئەنجامدانی چوار ڕکات، پاشان فەرمووی: «نوێژکردنی یەکێکتان کامڵ وتەواو نابێت هەتاوەکو ئەمانە ئەنجامدەدات». ولە گێڕانەوەیەکدا: «دەستنوێژ بگرە بەو شێوەیەی خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە، پاشان شایەتمان بهێنە -هەردوو شاهێدی دانەکە-، پاشان قامەت بکە -بۆ نوێژکردن-، پاشان تەکبیر بکە، ئەگەر قورئانت -لەبەر بوو؛ بیخوێنە، ئەگەر نا الحمد لله والله أكبر ولا إله إلا الله -بڵێ.«

[حەسەنە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ناسراوە بە فەرموودەی بە ئەو کەسەی هەڵە لە نوێژکردنیدا هەبووە (حديث المسيء صلاته)، وزۆر لە ڕاڤەکارانی فەرموودە پشتی پێدەبەستن بۆ وەسفکردنی پایە و واجب ومەرجەکانی نوێژکردن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا زۆر بە جوانی وتە وکردەوەکانی نێو نوێژکردنی ڕوونکردەوە وفێری کرد، کە واجبە بووترێن وئەنجامبدرێن وئەوەی لەم فەرموودەیەدا باسنەکراوە لە کردەوەکان واجب نییە. پوختەی ئەم فەرموودەیە: کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە نێو مزگەوتەوە پاشان پیاوێک لە هاوەڵان بە ناوی (خەلادی کوڕی ڕافیع) هاتە نێو مزگەوتەوە ونوێژێکی کورتی کرد کە ناکامڵی تێدابوو لە وتە وکردەوەکاندا، وکاتێک تەواو بوو؛ هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسەلامی لێیکرد وئەویش وەڵامی دایەوە وپێی فەرموو: بگەڕێوە نوێژەکەت دووبارە بکەرەوە، چونکە تۆ نوێژت نەکرد، وئەویش دیسانەوە چوو وجارێکی تر نوێژی کرد بەهەمان شێوەی نوێژی یەکەم، وسێ جار ئەمە ڕوویدا، ولە کۆتا جاردا پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەوەی بە ئەو خودایەی کە بە هەق تۆی ناردووە لەمە

باشتر نازانم؛ بۆیە فێرم بکە، وکاتێک حەزی لێبوو وئامادە بوو فێربوونی زانستی شەرعی ببێت، ئەگەری ئەوە نەما کە لەوەیە لەبیری چوو بێت, وپاشان پێغەمبەر پێی فەرموو (کە ئەم مانایە دەگەیەنێت): ئەگەر هەستایت بۆ ئەنجامدانی نوێژ ئەوا تەکبیری ئیحرام بکە (بڵێ: الله أكبر)، وپاشان ئەوەندەی بۆت دەگونجێت قورئان بخوێنە کە کەمترینیان خوێندنی سورەتی -الفاتحة-یە کە واجبە بخوێندرێت ولە پاشان سورەتی -الفاتحة- هەرچی ئایەتێک یان سورەتێک بخوێنێت لە قورئان بە پێی ئەوەندەی دەگونجێت دروستە، وپاشان بڕۆ بەرەو ڕکوع بردن هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت لە ڕکوع برردندا، وپاشان هەستەرەوە لە ڕکوع بردن هەتاوەکو بە ڕێکی دەوەستیت وهێور ودڵنیا دەبێت لە وەستاندا، وپاشان بەرەو سوجدە بردن بڕۆ هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت لە سوجدەدا وپاشان سەرت بەرز بکەرەوە ودابنیشە بە لەسەرخۆیی ودڵنیاییەوە، وهەموو ئەم وتە وکردەوانە بڵێ وئەنجامیان بدە لە هەموو ڕکاتەکانی نوێژدا جگە لە تەکبیرەی ئیحرام* کە تەنها یەک جار دەووترێت لە ڕکاتی یەکەم لە کاتی دەستپێکردنی بە نوێژکردن ولە ڕکاتەکانی تر جارێکی تر نایڵێت چونکە کاتێک هەڵدەستێتەوە دەڵێت (الله أكبر) وپێویست ناکات جارێکی تر تەکبیرەی ئیحرام بڵێتەوە، لە گێرانەوەکانی تردا باسی هەندێک لە مەرجەکانی نوێژکردن کراوە وەکو ڕووکردن لە ئاراستەی قیبلە (ودەستنوێژگرتن. *(تەکبیرەی ئیحرام: واتا ووتنی -الله أكبر- کە لە پێش چوونە ناو نوێژ دەووترێت

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10901

ALNAJAT CHARITY النجاة الخيرية

لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee